
کۆرتە شیعر
چەمێک لە چڕیکەی بەرد
نووسینی بە شێوەزاری لەکی
ڕێوار ئاودانان
وەرگێڕان بۆ سۆرانی
لوقمان مەنسوور
٢٠٢٦

وتەیەکی پێویست لەبری پێشەکی:

دوو هەفتە لەمەوبەر لە ڕێگەی واتساپەوە نامەیەکم بۆ هاوڕێیەکم نارد، تیایدا داوام لێکرد ئەگەر کتێبێك بە شێوەزاری لەکی شك دەبات بۆم بنێرێت، چونکە من لەکم و شێوەزاری لەکی نازانم. وەڵامی نامەکەمی بە لینکی ئەم کتێبە دایەوە. کاتێك لینکەکەم کردەوە بینیم ئەم کورتیلە شیعرانەیە بە شێوەزاری لەکی و لە واریەوە وەرگێڕانی فارسی لەگەڵدا نوسراوە. بیرۆکەیەك هات بە مێشکمدا کە وەرگێڕانی سۆرانی(کوردیی ناوەندی) بۆ بکەم. دیارە من بە پشتبەستن بە ئەو چەند وشە فارسییەی کە دەیزانم و وەرگێڕانی ئەو وشانەی کە نایزانم لە ڕێگەی گوگڵ ترانسلێتەوە و بەراوردی لەگەڵ شێوەزارە لەکی یەکە و فارسییەکە و چۆن پێویستە کوردی ناوەندییەکە بنوسرێت توانیم ئەم کتێبەی بەردەستتان بەرهەم بهێنم. گرنگە بڵێم شێوەزارە لەکییەکەی کورتیلە شیعرەکانم لەژێر کوردییە ناوەندییەکە داناوە، بە مەبەستی سوود گەیاندن بە خوێنەر و ئاشنا کردنیان بەو زاراوە لەکییانەی جیاوازییان لەگەڵ کوردییە ناوەندییەکە هەیە(وەك: پەپوولە-پەپی ، ئاسمان-ئاسمۆ.....هتد)

هیوادارم توانیبێتم زمانی شێوەزارە لەکییەکەم وەك خۆی کردبێت بە کوردیی ناوەندی. هیوادارم جێی ڕەزامەندی نووسەری کتێبەکە و خوێنەران بێت.

کورتیلەشیعر

چەمێك لە چریکەی بەرد

ڕێوار ئاودانان

وەرگێڕان بۆ سۆرانی

لوقمان مەنسوور

٢٠٢٦

ناوی پەرتـــــــووك: چەمێك لە چریکەی بەرد

نووســـــــــــــەر: ڕێوار ئاودانان

زمانی نووســـــــین: کوردی-شێوەزاری لەکی

وەرگێڕان بۆ سۆرانی: لوقمان مەنسوور

جۆری بڵاوکردنــەوە: دیجیتاڵی

ســـــــــــــاڵـــی: ٢٠٢٦ز

پێـــــگەی ئەلکترۆنی: کوردیپێدیا

﴿١﴾

تیژتر لە زقوم

سەرسەختتر لە بەرد

(کورتیلەشیعر)ەکەی گوڵ نەسرین

...

تێژتر ئەژ زق

سەرهشکتر ئەژ بەرد

"کوڵە ئەڵوەس"ـەکەی گوڵ نەسرین!

﴿٢﴾

هەڵهەڵەی دایکانی ئاشتی

بەرزتر لە شینی شەڕ

...

تلیلیی دالگەل ئاشتی

بەرزتر ئەژ شین وەی شەڕ

﴿٣﴾

لە لێواری دەربەنی با

تەنها داریێکی سەقامگیر

ناوی ئومێدە

...

دە لێقار دەرڤەن بای

یەکلەداریێ پاڤەگەزدێ

ناوێ "همێ"

﴿٤﴾

جارجارێ

گوڵەئەستێریەك

دارستانێك دادەگیرسێنێ

...

گل گلێ

گی ئاسارەێ

دارسونێ داگیرسنێ!

﴿٥﴾

چریکەی بێدەنگی ئەستێرە دەبیستی؟!

...

چریکەێ بێ دەنگیی ئاسارە ئژنەوی؟!

﴿٦﴾

ژن پێکەنی

داری ژیان گوڵی کرد

کاتێ بەفر باری

...

ژن خەنس

دار ژین، گوڵ کرد

هەن ڤارین بەرف

﴿٧﴾

بە ڕاستی، ژەنیاری تەمووەی باران کێیە؟!

...

ڤەڕاس، ژەنیار نەمیری ڤارو کێیە؟!

﴿٨﴾

گوڵەئەستێرە بچکۆلەیەکە

مانگەشەوی ئەم دارستانە

...

کرم شەوچرایێ کوچکلەێکە

مۆنگەشەو ئی دارسۆنە

﴿٩﴾

بێ دڵەڕاوکێ

باڵندەیێ نیشتۆتەوە لە سەر شانی

داهۆڵێ

...

بێ دڵەڕاوکێ

باڵندەیەك نیشتێیە ئەڵسەر شۆنێ

داوول

﴿١٠﴾

ڕووحی ئاو لێوانلێوە لە هۆرە .... بۆچی؟!

...

ڕووح ئاو، لیپالیپ ئەژ هوورە...ڤەرچە؟!

﴿١١﴾

ئەرێ زەردەخەنە
ڕووناکی ڕێبوارێکە
لە دوورترین ئەستێرەوە؟!

...

ئەرێ زەردەخەنە
ڕووژناێ ڕێڤارێکە
ئەژ دیرترین ئاسارەل؟!

﴿١٢﴾

بایەك
بێ پاسپۆرت و پشکنین
بەچی سەفەر دەکات؟!

...

بایێ
بێ پاسپۆرت و پشکنین
ڤەچە سەفەر کەرێ؟!

﴿١٣﴾

لە تاریکی شەودا

مانگ، ئەسپی ڕۆشنایی تاو دەدا

بەرەو کوێ؟!

...

شەومزەنگ...

مۆنگ، ئەسپەکەێ ڕووژنا تاو دا

ڤەرەۆ کوورا؟!

﴿١٤﴾

لێزمەیەکی تۆندی ئاگر

تینوێتی دڵی خاکی شکاند و

سەوزی کرد؟!

﴿١٥﴾

ڕێبوارەکەت کێیە دەریا

سێلاوی بەهارە

یان پایزەپەڵە؟!

...

ڕیوارەکەت کێیە دەریا

سێلاو ڤهارە

یا پایزەپڵە

﴿١٦﴾

هەڵبەستیك

هەڵبەستەکەم بێ وەستانە

هەتا خۆر لە کەل دەردێ

بەرزە هەوایەکە بێ باڵ و پەڕ!

...

ئەڵوەسێ

ئەڵقەسێکەم بێ فڕۆ تا یاڵەکەێ خوەر

بەرزە هەوایلەێك بێ باڵ و پەڕ!

﴿١٧﴾

وەرە

ڕۆژهەڵاتییە دڵم...باوەڕ بکە ئەی خۆر !

...

وەرە

"ڕۆژهەڵاتی"یە دڵم ...باوڕ بکە ئەفتاو

﴿١٨﴾

شکا لە دەفتەر

ئاوێنەکانی گریان دێڕی

ژن، ژیان، ژان

...

ئشکیا دە دەفتەر ئاێنەل گرێڤەکەر، گڕێ:

ژن، ژین، ژۆ

﴿١٩﴾

نەوبەرتر لە

میوەی وەرزی ئێستا

پارچەیەك ئازادییە

...

تەمسق تر ئەژ

گرد میڤەل ئی ڤەرزەسەو هاڵێ:

کیزێ ئازادی

﴿٢٠﴾

گەڵایەکی پاییزی

ماندوو بە دەست گەمەی باوە، ئارەزوو دەکات:

خۆزگە لە بەرد دەبووم ئەمجار

...

بەلگ پاییزی

شەکەت ئەژ بەێچەڵیی باێ، ئاوەخت خوازی:

خوەشاڵە ئی گلە ئەژ "کەور" بێیام ڤەدی

﴿٢١﴾

لە ناو بەرد نەرم و نیانی هەیە

کە لە ئاوریشمی ئاودا نییە

...

دە ناو بەرد، نەرم نووڵیێ هەس

ك دە حەریر ئاو نییە!

﴿٢٢﴾

ئاو دەنوێت، ئاوێنە دەنوێت

بەڵام دەڕگای سەنگ

تا ئەبەد بێدار دەبێت

...

ئاو خەوێ، ئاێنە خەوێ

ئەما دەرفەچ بەرد

هادە خەفەر تا هەێ!

﴿٢٣﴾

گۆم ڕازێکە

بەرد! (گۆمی نهێنییەکە، بەرد)

...

گۆم ڕازێکە

بەرد

﴿٢٤﴾

تەمبووری نادیاری بەرد

سەرمەست دەخوێنێت تا هەیە

...

تەمیرەێ نادیار سەنگ

سەرمەس خوەنێ تا هەی!

﴿٢٥﴾

ناو بە ناو

لە بێشەی بەردیندا

پڵنگێکی بریندار گوڕەی دێت

...

گل گلێ

دە فێشەێ سەنگ

پەڵنگ زەمدارێ نەڕنێ

﴿٢٦﴾

لەناو مشتێك بەرددا

دارستانی بزە گوڵی کرد

...

دە ناو گومەل بەرد

بنجك زەردەخەنەێ گوڵ کرد

﴿٢٧﴾

ئاوازی یاسەمەنەکانت

لە گەرووی بەردەوە نەبیستووە؟!

...

ئاڤاز یاسەمەنەل نەشنەفتینە

ئەژ گەلیی بەرد؟!

﴿٢٨﴾

ناوی هۆزەکەم داتاشیوە

لە ڕۆمانی کێو

...

ناو هووزەکەم تاشیایێەو

دە ڕۆمان کۆ

﴿٢٩﴾

کۆتا وەرزی

سەفەرنامەی دڵۆپ

دەریایە!

...

دما گەشت نامەێ دڵۆپ

دەریاو!

﴿٣٠﴾

دڵۆپی ئاگر لە خۆیەوە
گەیشتە دەریا!
زەڕەی تواوە لە ئەشق
گەیشت بە مانا!

...

گڕ دە ڤەر خوەێ خس دڵۆپ
ڕەسی ڤە دەریا!

گەردیلە، تاویا دە ئشق
ڕەسی ڤە مانا

﴿٣١﴾

ئەڤین فڕینی دەریا و
ئاسمان فڕینی دڵۆپەکانە

...

ئەڤین، فڕین و دەریا،
ئاسموّن فڕین دڵووپەیلە

﴿٣٢﴾

دڵۆپ

پەنجەرەیەکی کراوەیە

بە ڕەو دەریا

...

دڵووپ

دەرفەتێك ئەو کردەو

فەرەو دەریا!

﴿٣٣﴾

فڕینێ

بێ باڵ و پەڕ

مرۆڤ

...

بالگرتنێ

بێ باڵ و پەڕ

ئنسان!

﴿٣٤﴾

مردن دەستبەندی زەمانە لەسەر دەستانم

ژیان بەندی خاکە لەسەر پێیانم

بەڵام شیعر

کلیلی دەست و پێی بەسراومە

...

مردن، دەسڤەن زەمانە ئەل دەسەلم

زنەی، پاڤەن خاکە ئەل پام

ئەما کلیل دەس و پاێ ڤەسەمیش: ئەڵوەس!

﴿٣٥﴾

دەی من کەسی تر نیم

خودی خۆمم!

...

دەێ نە کەسێ ترم

خود خوەمم!

﴿٣٦﴾

تاڤگە، بەرەو پێش

بەرەو دەریا

لە خۆیەوە، بەرەو خۆی

...

شەتاو، ڤە پێل

ڤەرەو دەریا
ئەژ خوەی، ڤەرەو خوەێ!

﴿٣٧﴾

مردن لە زەلکاویشدا هەر جوانە
ئەگەر فڕین
کۆتا یادەوەری باڵندە بێت

...

مردن دە زەلکاویش ڕەنگینە
ئەگەر فڕین
دما ڤێرمۆنەکەێ باڵنە بوو!

﴿٣٨﴾

ژین باخێکە و

باخەوانەکەی، خۆرە

ئازادیش ڕەنگینترین سوورە گوڵ باخەکەی خۆرە

...

ژین، باخێکە و

باخەڤۆنەکەێ، ئەفتاو

"ئازادی"یش ڕەنگین ترین سوورەگوڵ باخەکەێ ئەفتاو!

﴿٣٩﴾

هەر پریشکێك، وشەیەکە

هەر وشەیەك، دەستپێکێك و

پەرتووکی ڕووبار بە یەکەم وشەی باران دەستپێدەکا

...

هەر پەشك، وشەێکە و

هەر وشە دەسپێکێ و

کتاو چەم ڤە یەکم وشەێ ڤارۆ دەس ڤەێکەرێ

﴿٤٠﴾

ئەمڕۆ هەرچی بێدەنگییە
لە نووکی پێنووسەوە دەڕژێت
سبەی تێنووسەکەم
بێشەی هاوارە

...

ئێمڕوو هەرچی بێدەنگییە
ئەژ نك قلّم ڕژێ
دەفتەرەکەم سو
ڤێشەی هووارە

﴿٤١﴾

نە باکوورییە و نە باشووری
نە ڕۆژهەلّاتییە و نە ڕۆژاڤا
شنەی ئەمڕۆ، لای شاعیرانەیەك هەلّگراوە

...

نە باکوورییە و نە باشووری
نە ئەژ ڕووژهلّات یە تێیە و نە ئەژ ڕووژئاڤا
شنەێ ئێمڕوو، ئەژ لاێ شائرانەێك ئەلّکردێیە!

﴿٤٢﴾

"ئاپۆ"

هەر ئەو پەلە زەیتوونە سەوزەیە

کەوا کۆترەکان، شاردوویانەتەوە

...

"ئاپۆ"

هەر ئەو پەل زەیتوون سەوز سەدەو

ك ئەژ کەموترەل، ئەو شاردنەسەێ

﴿٤٣﴾

فڕینی بێ باڵندەیەکە و

ڕووبارێ لە چریکەی بەردە

"گەریلا"

...

فڕینی بێ باڵنەیکە و

چەمێ ئەژ چریکەێ بەردە:

"گەریلا"

﴿٤٤﴾

لەم ڕۆژە بەهارییە، بەفر شاعیرێکە
گوێ ملە دەنگی وشەکانیەتی
کە لە هێڵی کۆتایی دەربەنەکە
کە بەرەو زوڵاڵی وڵاتی چەم دەڕوات

...

دە ئی ڕووژ ڤەهارییە، شائرێکە بەرف
دەنگ وشەلێ ئەشنەوم
ك ئەژ هێڵ دماین دەرڤەنەکە،
دچوو بەرەو زڵاڵیی ڤڵات چەم!

﴿٤٥﴾

ئێمە بە گۆچانی ئەشق
لە نێڵەی ئەم دۆزەخە تێپەڕین

...

ئێمە ڤە گووچنگ ئشق
ئەژ "نیل" ئی دووزەڤە گواریمنە

﴿٤٦﴾

بایەك بە سەرپەنجەکانی خۆی

لە ڕەنگ، دەچنێت

ڕۆژی پایزی

...

بایْ ڤە سەر پەنجەل خوەیْ

ئەژ ڕەنگ چنێکەم:

پایزەڕوو!

﴿٤٧﴾

ئەگەر نەبێت تین و تاسە

هەرگیز قەڵبەزە دروست دەبێت؟!

...

ئەگەر نەڤیا تین و تاسە

ئەریْ قەڵڤەز دێیتە دی؟!

.

﴿٤٨﴾

ئەودیو پەنجەرە زستانە
بووکی سپی پۆش خەمبارێکە
ئەمدیوی بێ ئەستێرەی خۆشبەختی
ژن وەرزی پێنجەم سالّە
کۆدەبێتەوە بارانی.

...

ڤەولاێ پەنجرە
زمسۆ، بەوی ئەسپێپووشەێ خەمبارێکە
ئەنووگرتە، دە بێ دەنگیی هەن هەن لێلّەێ چارەنڤیس
تۆ ڤەیلاێ بێ ئاسارەێ خوەشبەختی
ژن، ڤەرزپەنجەم سالّە!
پژارەدار
ڤارونی

﴿٤٩﴾

ئەگەر کرمی ئاورێشم
بە نزمی پلەی خۆی ڕازی بوایە
ئەرێ هەرگیز پەپوولە بالّی دەگرت؟!

...

ئەر کرم ئەورێشم
قانە بوو، ڤە نزمی و بێ بایەخی ئاخلّەێ پیلەکەێ
ئەرێ قەت پەپییێ بالّەوگرێ؟!

﴿٥٠﴾

هەموو ڕۆژێك، شان بە شانی ڕووحی سەوزی چیا
دێرێك لە سەفەرنامەی ڕووبار دەنووسمەوە
لە ئاسۆشدا هێشتا دەریا وەستاوە

...

هەر ڕوو، شۆ ڤەشۆن ڕووح سەوز کۆسار
ئەڵقورنێمن ڕزگێ ئەژ سەفەرنامەێ ڕووبار و
هاڵێ دەریایەك دە ئاسوو ڕەوەنە...

﴿٥١﴾

هۆرەیەکە دڵ
ئەگەر نەیبیستی
بزانە کە گومڕا بووی

...

هوورەێکە دڵ
ك نەشنەفتینەێ
بزۆ کەفتینە لا ڕێ!

﴿٥٢﴾

ڕووبار

مەلەوانە

تا حەقیقەتی دەریا

...

گلاّ

ئاوژەنییە

...تا حەقیقەت دەریا

﴿٥٣﴾

لەناو ڕەزی گەردووندا

لە یەك هێشووی نێو

هێشووەکانی مێوێ

تەنها یەك دەنکەتریّ دەڕوێ

...

دە ناو ڕەز گەردوون

ئەلّ یەێ پەلارە ئەژ پەلارەل فرەێ مەوێ

گلە ئەنگیرەکەێ کچکەێ زەمی!

﴿٥٤﴾

هیچ شوێن پێی نییە
لەسەر ئەم بەفرە سەنگینە
وا بەسەر داربەڕووەکاندا
بەرزبۆتەوە، مانگ

...

هوچ شون پاێ نەکەفتێیە
ئەڵی بەرف قورسە و
کردێیە ئەوگەر دار بەلییەل، مۆنگ!

﴿٥٥﴾

گلەیی دەکرد زەوی
ئیمسالێ هیچ باران نەباری!
باخ هەموو وشك بووە
بەڵام لە دڵی مندا
گوڵاڵەی بچووك شکۆفەی کردووە

...

گلەی دەکرد زەمی:
"ئمسالێ، هوچ ڤارۆ نەڤاریە و
باخەکە گردێ پڵمژگیایە"
ڤەڵێ دە ناو دڵ م، گوڵاڵە کوچکلەێ پشك کردویی!

﴿٥٦﴾

هەوری ڕەش هەڵهەڵە لێدەدات

شین دەگێڕێ باران

سوورەگوڵێکی زاگرۆسی شەهید بووە

...

ئەورەل سێ، کڵ دن و

دەس کردێیە چەمەر، ڤارۆ:

سورەگوڵ زاگرۆسییێ شەهید بییە

﴿٥٧﴾

بە بلاچەی هەور

هەڵپەڕکێی باران

چەپکەگوڵ هێرۆ هەڵسا لە خەو

...

ڤە بلاچەێ ئەور و

ئەڵپەڕکەێ ڤارۆ

چەپەێ گەڵ هێروو ئەڵسیا ئەژ خەو

﴿٥٨﴾

سێڵاوی بەهارە

بە سەر پەنجەی تیژی

لە خەو هەڵمدەسێنێ

...

لەفاو بهارە

ڤە سەرپەنجەێ پینەڤەسەێ

کەریکەمە خەڤەر ئەژ خەو

﴿٥٩﴾

سێڵاو

لە یادەوەرییەکانی بەرەبەیانەوە دێت

چرتە و ورتەی نایا ئێوارە

...

لەفاو

ئەژ دیار ڤیرمۆنەل شەوەکی یەتویی

دەنگەدەنگێ ئەژەێ نییە ئێڤارە

﴿٦٠﴾

گوڵەکانی حەسرەت

بە بێدەنگی

سەیری گەڵاڕێزان دەکەن

...

کەڵمەسەل

فە بێ دەنگ

تەماشایێ گلاڕێژۆ کەرن

﴿٦١﴾

شکۆفەی بەڵاڵووک

لەگەڵ هاژەی تاف

بەرەو شەو دەڕۆن

...

گوڵدەمەل بلاڵیك

فەگەرد هاژەیێ تاف دچن

فەرەو شەو

﴿٦٢﴾

یەکەم ئامۆژگاری

بە وتنی "نا"ڕای خۆت بدە

...

یەکم ئامۆژیاری

"نە"فتن ڕایێ خوەت بنە

﴿٦٣﴾

نیشانەی سەرکەوتنە

هێڵێك کە بە دەوریچیا کێشاویانە

قازیقوڵنگەکان

...

نشۆنەێ سەرکەفتنە

کڕێ ك فە دەور سەر چیا کێشیانە

قەزقوڵنگەل

﴿٦٤﴾

ئەرێ ڕێی هیچ گوڵەبەڕۆژەیەك نەکەوتۆتە ئەم نسارە؟!

...

ئەرێ، ڕێی هۆچ گوڵەفتاوێ نەکەفتێیە ئی نسارە؟!

﴿٦٥﴾

دەبێت چەند تیشك

لەم بنارە هەڵبێت

تا ڕەنگی گوڵەبەڕۆژە بگرێت، نسار؟!

...

چەن لیسك

مێیا ئەژ ئی بنارە ئەڵکێشن

تا ڕەنگ گوڵەفتاوێ بگری، نسار

﴿٦٦﴾

لەسەر ئەو لقە دارە

شکۆفەیەکی ئەرخەوانی بە با دەشەکێتەوە

ناوی نازانم

...

ئەڵ ئەو لق دارە

شکۆفەێ ئەرخەفانییێ دە باێ شەکی

ناوێ نەیزوونم

﴿٦٧﴾

خۆزگە دارکونکەرە

لەناو دارەکاندا

تەنها سێدارەی هەڵدەبژارد!

...

کاشکا دارسمنەك

ئەژ ناو دارەل

تەنیا سدارە ئەڵبژارتا!

﴿٦٨﴾

لە سااڵی جەنگ

لە هەموو گوڵەکان زۆرترە

گوڵ ئەسرین!

...

دە ساڵ جەنگ

ەژ گرد گوڵەل فرەترە

گوڵ ئەسرین!

﴿٦٩﴾

لە پەنای بەردێ

گوڵەنێرگز، زوڵفی تەڕی وشك ئەکاتەوە

لە دوای زریان

....

دە پەنا بەردێ

گوڵ نەرگس. زوڵفەل تەڕێ هشك کەرێ

ئەودمای بایەڕووە

﴿٧٠﴾

کاتێك وڵات ئاوارە و لانەواز بێ

هاناڕەس هانای تفەنگە

...

هەێك ڤڵات، لێزەکەن و لانەڤاز بی

هناڕەس، هنای تفەنگە

﴿٧١﴾

ئای! پەڕەسێلکە
تۆ بەو باڵە بڕیندارەوە ئازادیت
من بەم جەستە ساغەوە
منەی ئازادی دەکەم ێستا.

...

ئاخ، سێ پریسکەکە
تو ڤەو باڵ زەمداتە ئازادی
م ڤە ئی ئازایمە، منەیکەر ئازادیم هاڵێ

﴿٧٢﴾

بەهێزتر لە با
ئەو بڕوایەیە کە شاردراوەتەوە
لە دڵی تەڵێ گیا.

...

تیژتر ئەژ بگدەێ بایّە
باوڕێ ك ئاشاردەو
دە دڵ تەلی گیا

﴿٧٣﴾

ئێوارە تۆپژاڵی یەکەم بەفر

دەنیشێت لە لوتکەی شاخ

مانگەشەو دەدرەوشێتەوە

...

ئێڤارە، تووژاڵ یەکم بەرف

نیشتێیە ئەڵ یاڵ

مۆنگەشەو کوت پڕێ!

﴿٧٤﴾

بە گریانەوە لەدایکبووم

کارێکم کردووە بە خەندەوە بمرم.

...

ڤە گرێڤە دێیام ڤەدی

کردمە کارێ، ڤە دەمەخەنە بچم!

﴿٧٥﴾

سەفەرێکە

لە خۆتەوە بۆ خۆت

ژیان

...

سەفەرێکە

ئەژ خوەت ڤەرەو خوەت

ژین

﴿٧٦﴾

ئایا مەرگ کۆتا سەراوژێری گەردوونە؟!

(ئایا مەرگ کۆتا لاربوونەوەی گەردنە؟!)

...

ئەرێ مردن، لێژییەکەی ملەی دماینە؟!

﴿٧٧﴾

ئەگەر خووت گرتووە بە کەوتنەوە و

نافڕیت

خەتای ئاسمان مەگرە

...

ئەر هووکارەێ کەفتی و

بالێ نەێگری

ئاسمۆ ئینکار نەکە!

﴿٧٨﴾

کوورەی گەردوون

لە پریشکەی ئەشق و ئازادی

گڕی گرت

...

تەژگاکەێ گەردوون

ڤە پریسکەی! ئشق و ئازادی

ئەوکریا

﴿٧٩﴾

دەنگی چرۆکردنی داربەڕوو بەرزترە
نا نێڵەی گڵپەی پاییزی

...

دەنگ ڤەچکردن دار بەلییەل بەرزنرە
پا کڵپەکڵپ پاییز؟!

﴿٨٠﴾

ڕێگەی سەهۆلبەندان دەشکێنێ
بەرەو لوتکەی خۆر
چرۆی هیوا

...

رچ ئشکنێ
ڤەچێ ئمێ
ڤەرەو ملەی ئەفتاو

﴿٨١﴾

گرلێپەی گوڵی تامەزرۆی باران
لە نێو خۆڵەمێشی دیرۆك:
کوردستان

...

گلێپەێ گوڵێ تۆمارزوو ڤاران
ئەژ ناو خولەکەو دیرۆك:
کوردستان!

﴿٨٢﴾

تارمایی هەر گرفتێك

داوڵێكە

ئەگەڕ باڵندەی دڵت نەوی بفڕێت

...

ساوڵ هەر گرفتێ

داوڵێكە

ئەر پەلەقەر دڵت، نم بفڕێ

﴿٨٣﴾

كام شەستەباران

ئەم گەرد و تۆزە دەڕەوێنێتەوە

تا چاوی دڵ ببینێت؟!

...

كوم ڕهێڵ

ئی خاك و خۆڵە مااڵێ

تا چەو دڵ بۆیینێ

﴿٨٤﴾

لە بەفری ئەم کارەساتەدا

تەنها یەکێك نوقم نەبوو و ژیا

ئەویش هیوا

...

دە بەرف ئی کارەساتە، تەنیا یەکێ نوقم نەڤی و ژیا
ئەڤیش "همێ"!

﴿٨٥﴾

ئاشتی

خەندەیەکی لێوە

هەڵهاتنی دوورترە لە هەموو ئەستێرەکان

...

ئاشتی

لەوەخەنەیێکە

ئڵاتنێ دیرتر ئەژ گرد ئاسارەل

﴿٨٦﴾

کۆلارە

ڕاکردنە لە دەستی منداڵ

ڕێبواریکە لە منەی ئازادی

...

بەرزەهەوایلە

هەێڤایە ئەژ دەس زاروو

ڕێڤارێ دە منەی ئازادی

﴿٨٧﴾

"ئێستا"ئاونگی

سەر پەڕەی گوڵە هێرۆ

"هەتاهەتایی"ـە

...

"ئێمکە"ێ ئاونگێ

ئەڵ پەڕەێ گوڵ هێرووێ

"هەیتاهەێ"ـە

﴿٨٨﴾

بااڵندەی بچووك و

ترس لە ئاسمانی پڕ چنگڕ

چیرۆکی"هەڵبژاردنی هەمیشەیی"

...

بااڵداڕێ کوچکەڵە و

هوول ئاسمۆنێ پڕ ئەژ چنگڕ...

مەتەڵ ئەڵبژاردنێ هەمیشەیی"!

﴿٨٩﴾

پایزەپەڵە

هەموو شتی

لە یادەوەری بەڵاڵوکی کێوی شۆردەوە

...

پاییزەپڵە

سڕی

ئەفڕێك ئەژ یاێ و فڕ بەڵاڵیکەیل مەنویی

﴿٩٠﴾

لە بەرەبەیاندا

دەنگی باڵی خەون

وەك گۆرانی پەرداخ وایە

...

شەوەکی

شەقەێ باڵ خەو

چی شاقەشاق کیەوگە

﴿٩١﴾

گەردوون پەرتووکێکە

مرۆڤ خوێنەرەکەی

...

گەردوون، پڕتووکێکە

ئنسان خۆنێکەێ

﴿٩٢﴾

بژی

نەك بە باڵەفڕکە

بەڵکو بە بالگرتن

...

بژی

نە فە باڵەتەپە،

فە بالگرتن!

﴿٩٣﴾

لە زامی تینوێتییەوە
تا تێرئاو بوون
تەنها گرم و هوڕی مانەوەیە

...

ئەژ زەم تین
تا سارڕێژ ئاو
تەنیا گرم هڕێ مەنێیە

﴿٩٤﴾

کاتی گەڵاڕێزانی ئێوارە
تەنها ئاوازی کەناری دێت
لەسەر لقی داری بێ گەڵا

...

دمایێ گڵاڕێژۆن ئێڤارە
تەنیا، چریکەیێ قەنارییێ مەن
ئەڵ چڵ دارە

﴿٩٥﴾

کۆتا بلێسەی شەم

سەرقافڵەی دەمەوبەیانە

ئەگەر ئومێد ئارام بگرێ

...

دما بلێزەێ شەم

نووا سوار گوڵدەمە

ئەر ئمێ، پا ڤە گەز بێ

﴿٩٦﴾

جارجار(ئا) وتنێك بەسە بۆ کەوتن

جارجاریش یەك(نا) بەسە بۆ فڕین

...

گل گلێ "ئە" ڤتنێ بەسە، ئەڕا کەفتن

گل گلیش یەێ"نە" بەسە ئەڕا فڕین

﴿٩٧﴾

ژیان پەرتووکێکە

خۆت دەینووسیت

...

ژین پرتووکێکە

خوەت نیسنیتەێ

﴿٩٨﴾

ئەگەر زەمین حەساری باڵندەیە

ئەی ئاسمان کوێیە؟!

...

ئەر زەمین هەسار باڵنەلە

ئێمدالێ اسمۆ کوورەو؟!

﴿٩٩﴾

بەردێك لە دامێن ڕا گلۆر بێتەوە

پەپوولەیەك هەڵفڕێ

هات و چۆ وەك ژیان و مەرگە

...

بەردێ ئەژ کەمەر گلوور بی و

پەپییێ هلەوپڵە قڕی

هام شووێ چی مەرگ و ژین

﴿١٠٠﴾

قازی چیاکان

وەك خەندەیەك

دوای ئاهێکی سارد گەڕانەوە

...

قاز کوییەل

ڤێنەێ لەوەخەنەێ

گل ئاوردن، ئەو دما هناسەێ سەردێ

﴿١٠١﴾

تریفەی مانگ

ترسی خستە دڵی

داهۆڵێکەوە

...

تریقەێ مۆنگ

چرچێ خسە دڵ داوول!

﴿١٠٢﴾

نەمر گیاندارێکە

لە وڵاتی شیعردا دەژی

...

نەمر گیۆدارێکە

دە ڤڵات ئەڵبەس ژییێ

﴿١٠٣﴾

لە کەیەوە شیعر

دژە ژەهری هەناسەی ئەژدیهای تەنیایی بووە؟!

...

ئەژ کەێ ڤەی لا

ئەڵبەسی، دژەژەهر هناسەێ ئژدەهای"تەنیایی"ـە؟!

﴿١٠٤﴾

پەلەپیتکەی هوشیاری فریادم

لە کەمین دایە

نەبا پۆستالێکی ڕەش

پێ لە سۆسەنێ بنێ

...

گەڵ گرتێیە پەلەپیتکەێ ڤریاێ هنام

تا نەوا چەکمە سێیا

پا بنێ ئەل سووسەنێ

﴿١٠٥﴾

کەی؟ لەکوێ؟ بۆ کێ؟ بیری زۆر دوورم؟!

...

کەێ، دە کوو، ڤەر کێیەل" ڤیر فرەدیر"ێکم؟

﴿١٠٦﴾

مردن سەرەتای سروودێکە

وەك چۆن کۆچ

بونیاتی قازقوڵینگە

...

مردن، بنیاتان سروۆێکە

چی کووچبار

ك بنیاێ قازقوڵنگەلە

﴿١٠٧﴾

کەواتە دەلاقەیش دەبوو بە زەردەخەنە

لەسەر ڕووی گرژی ئەم دیوارە

ئای ئەگەر باڵندەی ازادی دەیجریواند

...

ئێگل، دەرفەچیش دڤییە بزەێ

ئەل دەم و چەو گرژ ئی دیڤارە

ئاخ! تەنیا ئەگەر باڵندەێ "ئازادی" بچریکەنا...

﴿١٠٨﴾

بژی و مەمر

ئامان نەك بژی و مەمری ژێدەستی!

...

بژی و مەمر

ئەمان نە ڤە بژی مەمر ژێردەسی!

﴿١٠٩﴾

دەستەکانم گیای پەژارە

چاوەکانم، کانیی خەم

ئێستا دارستانی ڕەشم

...

دەسەلم، گیاێ پەژارە

چەوەلم، کەنیی خەم

ئێمکە دارسۆنێ سێیام

﴿١١٠﴾

ئەرێ تەورێکم دەوێت و
گوزەرێك بە ناو دڵی ئاوێنەدا
تا بتوانم یبراهیمی چارەنووسم بو

...

بەڵێ! تەفەرێ خوازم و
گواریاێن ئەژ ناو دڵ ئاێنە
تا ئیبراهیم چارەنڤیسەکەی خوەم بووم

﴿١١١﴾

دڵنەرم و
بەردین
دایکم چیا

...

دڵنەرم و
بەردین:
دالّك مکو!

﴿١١٢﴾

ئازادی پەرتووکی ڕۆمانێکە
لەگەڵ یەکتر دەینووسین و دەیوێنینەوە

...

ئازادی، کتاو ڕۆمانێکە
ئگەرد یەکتری نیسنێم و خۆێنمەێ

﴿١١٣﴾

پەپوولەیەکم

بەرزەفڕتر لە هەڵۆ

ناوم ئارەزوو

...

پەپییێکم

بەرزەفڕتر ئەژ ئەڵۆ

ناوم:"ئاوەخت"!

﴿١١٤﴾

گەریلا، کۆمەڵە شیعرێکە

بە ڕستەگەلی

ئەڤین و ئازادی هۆنراوەتەوە

...

گەریلا، کوو ئەڵبەسێکە

ڤە ڕستەیلێ

چنیایە ئەژ ئەڤین و ئازادی

﴿١١٥﴾

نووسەری "ڕاستی"

ئازادییە

گۆرانیچڕیش دڵ

...

نقیسکار"حەقیقەت"

ئازادییە

خوەنەرەکەێ، دڵ

﴿١١٦﴾

دایکی بەدیهاتنی دووبارەم و

شانەکەم دار

...

دانك ڤەدی یەتن و دووارەم و

هەلوورکم:

دار

﴿١١٧﴾

پەندێکی تر

تەنانەت لە ئاسمانیش

پەلهاویشتنی فڕین نییە!

...

پەندێ تر:

تەنانەت دە ئاسمۆنیش

پەلەقاژە فڕین نییە!

﴿١١٨﴾

زۆر جار
"بێ سەر" سەربەرزە و
"سەردار" سەرشۆڕ

...

فرنگل
"بێ سەر" سەربەرز و
"سەردار"، سەرشووڕە!

﴿١١٩﴾

هەموو جار ڕێ دەکەم
وەك وە رزی ونبوونی با:
بەدوای خۆم و ساتێ ئارامی دەگەڕێم

...

گرد جا دامە پا
چی ڤەرز گوم بییەێ باێ:
ڤە منەی خوەم و گڕی ستار گرتن

﴿١٢٠﴾

کانیاوێکە ژین

دەڕوا...دەڕوا

تا دەشتی چۆڵۆ نادیار و بۆشایی مەرگ

...

کانیاوێکە ژین

دچوو... دچوو

تا نادیار چوولّ و بێیاز مەرگ

﴿١٢١﴾

من، تۆ، ئەو

ئەو خەنجەرانەین کە لە خەستەی خەوتوودا

ژەنگ دایپۆشیون

بەڵام ملهوڕ، هۆشی نییە

بێباکە!

من و تۆ و ئەو

با ببینە خەنجەرە دەسك زیوینە

هەڵگێشراوەکەی دەستی "ئێمە"

تا چوارپەلی ئەو لەشە بێتە لەرزین

...

م، تۆ، ئەڤێ

خەنجەرەل دە خلاف خەوبردەکەێ ژەنگارڤەسە

ئەما ملهوڕ، هوچ دەربەن نییە

باکێ نییە!

من و تن و ئەڤێ

بووێمنە خەنجەرە دەسە زێڤینە ئەڵگێشیایەکەێ"ئێمە"

تا چوار ستین لەشێ ئی گلە بێیایە لرە

﴿١٢٢﴾

باسی لەدایکبوونی ئەستێرەکان دەکەم
شەوی نەزۆکی چاوەڕوانی
چیرۆکی ماجەرای ڕۆیشتنی چەم دەگێڕمەوە
ئەو کیژەی کە خەونی بە دەریاوە بینی
مزگێنی شنەی ئەوین
بدەم بە زوڵفی تازێباری ڕەنگینی ئەو
بۆ وڵاتەکەم کوردستان
بۆ ئازادی ئەڵێم ... ئازادی

...

ئەژ ڤەدی یەتن ئەسارە ئەشم
ڤە شەو مەزاێ چەوەڕێ
ئەژ ڕاوهاتەکەێ ڕەوەن گلاڵ و چەم ئەشم
ڤەر کەنییێ ك خەو دەر یاڵ ددی
مزگانا دم شنەباێ دڵداری
ڤە پرچەل تازیەتبار ڕەنگینێ
ئو ڤەر ڤلاتەکەم کوردستان
ئەژ ئازادی ئەشم ... ئازادی


چەمێ ئەژ چریکەێ بەرد
ڕێوار ئاودانان
٢٠٢٦